# چۆن دەتوانین منداڵان فێری فەلسەفە بکەین؟



مندالانی فێرگەی بازاڕگە لە مەخموور، بەهاری ٢٠١٠

کاتێك فەلسەفە دەبێتە بەشێك لە بەرنامەی خویندن لەقۆناغی سەرەتایدا دەبێت هاوسۆزییەك لە نێوان منداڵان و بابەتەکەدا دروست بکرێت و ڕایەڵەکانی بابەتەکە (فەلسەفە) ببەسرێتەوە بە بیری قوتابیانەوە. خوێندنی فەلسەفەلەقۆناغی سەرەتاییدا کارێکی نوێیە، بۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەو تاویوێکردنی گشت لایەنەکانی بکرێت، پێش بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتانەی کە دە بنە (مەنهەج) پێنسۆمی خوێندن و دەبێت ئامانج و مەبەست لەفێربوونی منداڵان و لاوان بۆ فەلسەفە، بزانرێت.
دوو پرسیاری زۆر گرنگە، کە بەر لە دەسپێکردنی ئەم کارە، لە خۆمانی بپرسین.

یەکەم
ئایا ئێمە مەبەستمانە منداڵان و لاوان فێری فەلسەفە بکەین؟

دووەم
یان، مەبەستمانە فێریان بکەین خۆیان فەلسەفیانە بیربکەنەوە (بفەلسەفێنن)؟

گەر ئەم دوو پرسیارەمان وەڵامدایەوە وەڵامەکانمان تاوتوێکرد و  هەڵسەنگاند، ئەوا پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە :

ئایا منداڵان و لاوان،بابەتەکان ئەزبەر  (دەرخ) بکەن، یانژی تەنها جوابگۆی ئەندێشەو بۆچوونەکانیان بێت و وەڵامی پرسیارە سەختەکانیان بداتەوە؟

ئامانجی خوێندنی فەلسەفە لە فێرگەکانی قۆناغی سەرەتایدا ئەوەیە، کە مامۆستایان و فێرکاران شێوازێکی وابگرنەبەر تا منداڵان فێری دایالۆگ و ئاخاوتنی فەلسەفیانە بکەن و ڕایانبهێنن لۆژیکیانە گفتوگۆ بکەن و لەبابەتەکان و کێشەکان بڕوانن و بکۆڵنەوە. نابێت مەبەست لەوانەی فەلسەفە تەنها ئەوە بێت  منداڵان بکەن بەماشێێنی زانیاری و بارێک لە فاکت و زانیارییان پێ ڕەوان بکەن.

دەبێت ئامانج لەفەلسەفە خوێندن ئەوەبیت، منداڵان فێری تێڕوانینینی فەلسەفیانە بکەین و دیدگایان لەڕوانگەئاکاری و ڕە وشتی و ژیانناسییەکانەوە فراوان بکەین. فێری ئەوەیان بکەین، کە تەنها تاکە وەڵامێک، وەڵامی گشت پرسیارەکان نیە و تاکە چارەسەرێکیش، ڕێگاچارەی گشت کێشەکان نیە. فێری ئەوەیان بکەین، گەرچی وەڵام و بیروبۆچونێکیش بەدڵی ئە وان نەبێت، بەڵام دەشێ وەک بەرسڤ و ڕێگەچارە، بۆ پرس و کێشەیەک قبوڵیان بێت.

ئەو شێوازەی سوکرات پیادەیکردوە (شێوازی دیالێکتیکی) شێوازێکی زۆر لەبارە بۆ وتنەوەی وانەی فەلسەفە بەمنداڵان.
هونەری ئەم شێوازە ئەوەیە،سوکرات مێشکی کەسی بەرانبەری دەبزواند و ناچاریدەکرد لە هەوڵی دۆزینەوەی لایەنە
نادیار و شاردراوەکانی بابەتەکان و پرسیارە کاندا بێت، هەروەها هونەری دیالێکتێك (دیالۆگ) لەوەدایە، کە
مامۆستایان، هاوکاری خوێندکاران دەبن بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی وەڵامی پرسیارەکان.

ئەو ڕێبازەی کە لە( **USA**) لەساڵانی **1970** دا لەلایەن پرۆفیسۆر ماتهیۆ لیپمەن**Mathew Lipman** داهێنراوە
لەژێر ناوی **Philosophy For Children** ( **P4C**). فەلسەفە بۆ منداڵان. بەباشترین شێوازی فێرکردنی فەلسە
فە بۆ منداڵان لەقەڵەمدەدرێت.
بەکورتی ئەم شێوازە هەوڵدەدات حەزو ئارەزوی پرسیارکردن و هونەری دیالۆگ لەلای منداڵان پەرەپێدەدات و لەهە
مان کاتیشدا پرسیاری سادە و ئاسایی فەلسەفیانەیان ئاراستە بکات، کە لە تێکستی فەلسەفی( *ئاسان* !) ، چیرۆك و گەمە
ی تایبەتەوە هەڵهێنجرابن. پرۆفیسۆر لیپمەن گەلێ کتێب وڕێنمایی بۆ مامۆستایان و فێرکاران بە چاپگەیاندووە.

## ڕێبازەکانی دیکەی گووتنەوەی وانەی فەلسەفە

## ڕێبازی ترادیسۆنی (تەقلیدی)

شێوازێکی دیکە، کە تارادەیەك دژ بە ڕێبازی ( **P4C**) یە. ڕێبازی (تەقلیدی) ترادیسۆنی گوتنەوەی فەلسەفەلەسەر ئەو
شێوازەی کە لە زانکۆکاندا هەیە. خوێنکاران زیاتر خۆیان بە مێژووی فەلسەفە و فەیلەسوفەکانەوە سەرقاڵدەکەن.
ئامانجی ئەم ڕێبازە ئەوەیە، کە ڕای فەیلەسوفەکان و دید و بۆچونیان لەمە ڕ پرسیارگەلە مەزنەکانی ژیان،
بۆخوێندکاران بخەنەڕوو.
ئەم ڕێبازە، (بۆ لاوانە، نەک منداڵان) مەبەستێتی، خوێندکاران لەسەر ئەوە ڕابهێنێ و فێریان بکات و بیریانبخاتەوە، کە
زۆ لە مێژە و بەدرێژایی مێژووی بیرکردنەوە، کەسانی دیکە پێش ئێمە، هەمان پرسیاریان کردوە و بەشوێن وەڵامە
کانیشیاندا گەڕاون و عەوداڵ بوون. ئەم ڕێبازە، هەوڵدەدات خوێنکاران فێربکاتخۆیان(فەلسەفە لێبدەن) واتە خۆیان
بیربکەنەوە و بیروڕایان لەسەر پرسیارەکان هەبێت.

### ڕێبازی تێکهەڵکێش

مەرج نیە هەر لەڕوانگەی مێژووی فەلسەفەوە پرسیار لای منداڵان دروست بکەین. دەکرێت بۆچونەکانیفەیلە
سوفێک تێهەڵکێش باسێك بکەین و لێبگەڕێین منداڵان، خوێندکاران خۆیان لایەنەکانی بابەتەکە هەڵسەنگێنن.

بۆ نمونە ئێمە تەنها هەندێ لە بۆچوون و دیدەکانی ئەریستۆ تێهەڵەڵکێش بە باسەکە بکەین:

- ئایا تەنها ئەو مرۆڤەی کە باش هەڵدەسوڕێ و باش هەڵسو کەوت دەکات، نرخی هەیە؟

- ئایا کەس هەیە حەز بکات وەك کۆیلە بژی؟

- ئایا ژنان پیاوی ناتەواون؟

ئەمە شێوازو میتۆدێکی پەروەردەکاری ڕەچاو کراوە و لەسەر ئەو پرسیار و دەرەئەنجامانە بنیاددەنرێت،کەپێشینان
(بیریاران و فەیلەسوفان) کردوویانە و پێیگەیشتوون. دەکرێت بیرو بۆچونی ڕەخنە ئامێزی خوێندکارانێش دەربارەی فە
یلەسوفان و بابەتە فەلسەفیەکنیان، لەلایەن مامۆستاکانەوە ئاراستە بکرێت
بەم شێوەیە دەکرێت لە ڕێگای پرسیارە (تەقلیدیە) ترادیسێۆنیەکانەوە منداڵان بهێنینە فەلسەفە. دیسان ڕۆمانەکەی یۆستە
ین گاردێس(دنیاکەی سۆفیا) لەم بوارەدا شێوازێکی زۆر سەرکەوتووە. یۆستەین گاردیس، لێدەگەڕێت کەسۆفیا وەڵامە
کان لەڕێگەی مێژووی فەلسەفەوە پەیدا بکات.

### ڕێبازی **Carpe-dim** .

لەم ڕێبازەدا ڕێگە بەمامۆستا و فێرکار دەدرێت کەلەکاتی پێویست و گونجاودا، بیروڕای فەلسەفیانەی خۆی دە
ربڕێت و بفەلسەفێنێ. **Carpe-dime** وشەیەکی لاتینەیەو مانای - هەل بەکار بهێنە- واتە: کەی گونجاو پێویستی
کرد پرسیاری فەلسەفی بکە و فەلسەفە لێبدە!

خاڵێکی گرنگ که نابێت لەیادی بکەین، ئەوەیە کە گشت منداڵێك ئەو خولیای پرسیارکردن و ڕەخنەگرتنەی نیە.لەوانەیە ئەومنداڵانەی که خولیاو توانای ڕەخنه و پرسیاریان نیه بەئاسانی بکەونه دەرەوەی بازنەی گفتوگۆکانەوەو دابڕێن. خۆ لە بنەڕەتدا مەبەست لەوانەی فەلسەفە ئەوەیە کەمنداڵان لە گفتوگۆی فەلسەفەیاندا چوست و چالاك بن. ئەی کەواتە، چی لەو منداڵا نه بکەین که پرسیار ناکەن و ڕەخنه ناگرن؟

دەکرێت لەڕێگای گێڕانەوەی فەلسەفەوە ( وەك هەقایەت و چیرۆك) بە فەلسەفە ئاشنا بکرێن و خوی پرسیار کردن و ڕەخنە گرتنیان لا دروست ببێت. دەشێت مامۆستا- فێرکار، ناچار بێت لەئەنجامی وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیاردا پرینسیپی **Carpe dime** بەکاربهێنێ و خۆی فەلسەفە لێبدات.

بۆ نموونە (بێریڤان) تەمەنی هەشت ساڵە و لە پۆلی دووە. ڕۆژێک لە پۆلدا باسی ئەوە دەکات کە پشیلەکەی مردووە.

دەشێت، مامۆستا بپرسێت :

- ئایا ژیانێکی دیکە دوای مردن هەیە؟

- ئایا پشیلەکەی سیسیلیا دەچێتە بەهەشت؟

- ئایا زیندوو بوونەوە هەر تەنها بۆ مرۆڤ هەیە؟ ئەی بۆ بۆ پشیلە نیە؟

ڕەنگە یەکێك لە منداڵەکانیش هەڵبداتێ و بڵێ:

- زیندوو بوونەوە لەدوای مردن هەر نیە، نە بۆ مرۆڤ نە بۆ پشیلە.

ئیدی تابێت، پرستیارەکان ئاڵوز تر دەبن و وەڵامدانەوەیان ئاسان نابن.



منداڵانی فێرگەی دەڵاڵان ( لە نزیک ڕانیە ) لەکاتی خوێندنی وانەیەکی فەلسەفی. بەهاری ٢٠١٠